نۆڤلێت

# نامۆی ناو زیندان

هێمن عوسمان بەرزنجی

چاپی یەکەم
٢٠٠٧

ناوی کتێب: نامۆی ناو زیندان

بابەت: نۆڤلێت

نووسینی: هێمن عوسمان بەرزنجی

پێداچوونەوە و هەڵەبڕی: هەڵمەت زرگوێزی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

تایپ: هەردی محمد

دیزاین و بەرگ: حیکمەت مەعروف

چاپخانە: دیلان

ژمارەی سپاردە: ١٠٦٢ ی ساڵی ٢٠٠٦

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

●●●

هێمن عوسمان بەرزنجی
نامۆی ناو زیندان

پێشکەشە بە:

- بەو کەسانەی ئەم کتێبە دەبێتە شەوچەرەی شەویان
- بە عاشقانی وڵاتەکەم
- بە دایکم و باوکم



## پێشەکی

کاتێك کە پێنووس دەگرمە دەست و دەمەوێت وشە دیلکراوەکانی ناخم لەسەر پەڕاوێك بنووسمەوە، هەست دەکەم لە نێوان دوو عاشقدام دەستی هەردوکیانم گرتووە من دەبێ خەم و ئازارەکانیان بە ئێوە ئاشنا بکەم، تا مرۆڤە بەویژدانەکان بە ئاگا بن لە حاڵی عاشقانی وڵاتی من. خوێنەرانی ئازیز گرنگ نییە گەر ئێوە وەك نۆڤلێت لەم پەرتووکە نەڕوانن، بەڵام بۆ خۆم توانیومە ویژدانی خۆم ئاسودە بکەم. بەم کتێبە هاوبەشی خەمی عاشقانی وڵاتی خۆم بم و لە رێی ئەم کتێبەوە هانی دڵداران بدەم پەیوەست بن بە وەفای نێوانیان هەر کاتێکیش بە یەکگەیشتن بینە هەوێنی خۆشەویستی بۆ نەوەکانیان، چونکە پەرەدان بە خۆشەویستی و گەنجان دەبێتەهۆی پێشکەوتنی وڵات لە هەموو بوارەکاندا هیوا دەخوازم هەموو مرۆڤەکانی وڵاتەکەم خۆشەویستی لە دڵیاندا ئاپۆ بکەن.

هێمن عوسمان بەرزنجی

***

## با بە جوانی یەك ببینین

لەناو ئەدەبی جیهانی بە گشتی ئەدەبی رۆژهەڵات بە تایبەتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتتر دیاردەیەکی زۆر پڕ مەترسی و ناشیرین لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە لاوێك دەستی دایە قەڵەم نووسەران و ئەدیبان وایان دەشکێننەوە کە بە پەلە قەڵەمەکەی فڕێ بدات و جارێکی تر خەمەکانی خۆی نەخوێنێتەوە، چونکە مرۆڤ ساتێ نەتوانێ خەمەکانی خۆی بخوێنێتەوە و بیانکاتە بیرۆکەی جوان و نەینووسێتەوە هەرگیز ناتوانێ خەمی ئەوانی تر بزانێ و تێیان بگات. دەکرێ لە دوای ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە دی هاتوون، جارێکی تر خوێندنەوەیەکی تری جیاواز بۆ لاوان و بەهرەمەندانی ئەم نەتەوەیە بکرێت لە بری ئەوەی رێگەیان بۆ رۆشن بکرێتەوە تاوێرە بەردی لێ دادەنرێت، پێویستە رێگەیان بۆ پاك بکرێتەوە و زیاتر کار ئاسانیان بۆ بکرێت و هان بدرێن تا ژیانی کۆمەڵەکەمان لەو کاروانەی تێیدا دەبنە رێبوار زووتر بە مەنزڵ بگەن. پێشینانیش لە خۆڕا نەیانووتوە ئەوەی گەنجی بێ رەنجی دەبێ کاکە هێمن عوسمان بەرزنجییش





یەکێکە لەو لاوە بەهرەمەندانەی کە خولیای نووسین و ئەدەبیات لە دەروونیدا بوونی هەیە و دەکرێ چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشی لێ بکرێت. خوێنەری بەڕێز نامەوێ لەسەر ئەم نۆڤلێتە هیچ بڵێم تا ئەو بوارە بۆ تۆی بەڕێز جێبهێڵێم و بۆچوونەکانی خوێنەران زیاتر ببنە رەهەند و چەمکی وردبوونەوە و ناسینەوە و باشترکردنی کارەکانی دوای ئەم رۆمانەی کاکە هێمن.

وێڕای داوای تەمەن درێژی و سەرفرازی بۆ کاکە هێمن عوسمان بەرزنجی، تەنها داواشم لە خودی خۆی ئەوەیە بەردەوام بێت و زیاتر و باشتر هەنگاوەکانی خۆی ببینێ و کەسایەتی خۆی و خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەی فەرامۆش نەکات، چونکە لەمڕۆی دنیای ئەدەب و نووسیندا زۆر کەس هەن کە ناویان بیسترا و ناسران، پاش ماوەیەك لە بیر دەچنەوە. دڵنیام کاکە هێمن خۆی لە قاڵبی بۆتەی ئەو جۆرە کەسانە نادات و بە جوانییەکەی خۆی کارەکانی جوانتر دەکات.

سوپاس بۆ تۆی خوێنەریش کە چەند رازێکی منت بیست.

رەووف محەممەد ئالانی

***

## چەند وشەیەك بۆ نووسەر

هەر ساتێك باس لە رووداوێکی گرنگی سەرنجڕاکێش دەکرێت، هەمیشە وێنەی سۆزەکانی تۆم دێتەوە بەرچاو. لەگەڵ مەرگی پەپوولەیەکدا هەفتەیەك پرسە دادەنێیت، چونکە سۆزی تۆ زۆر لەوە گەورەترە کە بتوانرێت بە رووداوێك یان رۆمانێك دەری ببڕیت. دەتوانم لێرەوە کەمێك لەو سۆزەی دەروونت نزیك ببمەوە و ببمە خوێندکاری خوێنگە نموونەییەکەی سۆزداری تۆ. ئەوەندە من تێدەگەم جوانترین داهێنانە کە نووسەرێکی وەك جەنابت بتوانێت لە رێگەی رووداوە هەست بزوێنەکانەوە دادگا فێری ئەوە بکەیت کە لە هەفتەیەکدا رۆژێك هەبێ بۆ هاوڵاتیان، بۆ ئەوەی شەقامی کوردی بەو مادانەی دادگا نامۆ نەبێت و هەڵوێستە بکات و جارێکی دی بیر لە ئەنجامدانی تاوانێك نەکەنەوە. لێرەوە رێژەی تاوان بۆ ئاستێکی نزم دادەبەزێت.

هیوام وایە خوێنەری ئازیزیش بتوانێت بە سەرنجەوە لەم رۆمانە بڕوانێ و تێبگەن کە ئەم بەرهەمە هێڵی ئاماژەی بەرەو کوێ دەڕوات،





بۆ ئەوەی ئیتر خۆشەویستی لای خەڵك کارێکی نەگریس نەبێ. بزانن ئەم رۆمانە لە دەرئەنجامی لەناوچوونی کچێکەوە لە رێی عەشقدا لە دایك بووە، لە کاتێکدا کە ئافرەتانی ئێمە وەکو هەموو جیهان دەڵێن نیوەی کۆمەڵ و دایکی نیوەکەی تریشن. با لە رێگەی دوو نووسنی هاوشێوەی ئەم رۆمانەوە پارێزگاری لە مافەکانی ئافرەتان بکەین لە رێگەی خۆشەویستیدا.

خوێنەری ئازیز: ئاواتەخوازم لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نۆڤڵێتەدا ئەشکی چاوتان یەکە یەکەی پەڕەکانی ئەم نڤلێتە تەڕ نەکات، چونکە نووسەر رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەم رۆمانەدا، من لە بری ئەو داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ئێوەی ئازیز نەتانتوانی هەنسکەکانتان رابگرن، بەڵام بە بڕوای من نووسەر تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە ئەم هەنسکانە لەگەڵ بەردەوامی ژیان و ناڕەحەتییەکانی کۆمەڵگە بەردەوام نەبن.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەر و تێگەیشتنێکی پڕ لە مانای تێگەیشتن بۆ ئێوەی ئازیزیش دەخوازم.

**هەڵمەت زرگوێزی**

***

# بەشی یەکەم





دوای کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار بوو، هەور گەواڵ گەواڵ بە ئاسماندا بڵاو ببوەوە چیاکان تارای سەوزیان لەسەر نابوو بە شەقامی ناوەندی شاردا دەڕۆشتم تازە درەختەکان چرۆیان دەردەدا، لە یەکێك لە کۆشکەکانی باخی گشتی ڕۆژنامەیەکم کڕی. ڕۆژنامەکە یەکێك بوو لەو ڕۆژنامانەی کە خوێنەرێکی هێجگار زۆری هەبوو کە تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگای دەخستەڕوو چەند هەنگاوێکم لە کۆشکەکە تێپەڕاند چوومە نێو باخچەکەوە لە تەنیشت پەیکەری کەڵە شاعیرێکی ناودارەوە دانیشتم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە کە بە ڕاستی ڕۆژنامەیەکی بەهێز بوو تا دوالاپەڕەی پڕ بوو لە کێشە و گازندەی هاوڵاتیان جاربەجارێ لە دوای خوێندنەوەی بابەتێك بیرم لە ئازارەکانی کۆمەڵگا دەکردەوە، دووبارە سەرم شۆڕکردەوە بەسەر ڕۆژنامەکەدا. ئیدی ڕۆچووبوومە نێو ئازارەکانی کۆمەڵگا.

– سڵاو کاك سەفین

– سڵاو کاك سامان

– سامان: سەفین گیان زۆر خۆشحاڵم کە لێرەدا بینیمیت بە راستی ماوەیەك بوو دەمویست بێم بۆ لات سەبارەت بە کۆچی دوایی باوکت بەداخەوە کە لە کاتی پرسەکەیدا ئامادە نەبووم، داوا لە یەزدان دەکەم کە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، هیوادارم تۆش دوایین ناخۆشیت بێت!

– سوپاست دەکەم سامان گیان بە راستی مردنی باوکم کاریگەری ئێجگار گەورەی هەیە لەسەرم ئێستا دوای مردنی باوکم ژیانم زیاتر لەسەر قورسبووە رۆژانە کار دەکەم تا بژێوی بۆ خێزانەکەم دابین بکەم راستیەکەی هەر لەبەر کارکردن دەستم لە خوێندن هەڵگرت.

– سامان: سەفین ئەو رۆژنامەیە باس لە چی دەکات؟

– سەفین: سامان گیان ئەم رۆژنامەیە باس لە خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگا دەکات. بڕوانە لەم پەڕەیەدا یەکێك لە نووسەرەکان باس لە کێشەکانی گەنجان دەکات تەواوی گرفتەکانی گەنجانی خستۆتەڕوو کە هەندێکیان بێکارن و





هەندێکیان لەبەر کارکردن دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و روویان کردۆتە دەرەوەی وڵات.

– سامان: سەفین گیان پێتخۆشە لە نزیکەوە ئاگات لە کێشەی گەنجێك بێت کە دادگا رایگەیاند ئەم هەفتەیە ئەم گەنجە دادگایی دەکات؟

– سەفین: بەڵێ، سامان گیان حەز دەکەم، بەڵام پێموانییە دادگا رێگا بدات ئێمە لە نزیکەوە ئاگامان لە کێشەی ئەو گەنجە بێت؟

– سامان: نا سەفین گیان دەمەوێت بزانیت کە لە نێو دادگادا هەموو هەفتەیەك رۆژێك تەرخان کراوە بۆ هاوڵاتیان، بۆ هەموو هاوڵاتیەکیش هەیە کە لەو هۆڵەدا ئامادە بێ تا هاوڵاتیان سوود لە دادپەروەری وەربگرن، لە هەمان کاتیشدا ئەو دادگایە ئامۆژگاریەکە بۆ هاوڵاتیان؟

– سەفین: کەواتە سامان گیان کەی من خۆم ئامادە بکەم؟

– سامان: سەفین گیان سبەی بەیانی دەتوانیت بێ هیچ بەربەستێك لە هۆڵی دادگا ئامادە بیت تاوانبارێك دادگایی دەکرێت.

– فین: سوپاست دەکەم سامان گیان، بڕوا بکە هەمیشە حەزدەکەم ئاگاداری ئەم رووداو و کێشانە بم، دیارە هیچ کەس ناتوانێ هیچ تاوانێك لە دادگا بشارێتەوە، دەبێت دان بە هەڵەکەیدا بنێ. پاشان لەگەڵ سامان دا کەوتینە گێڕانەوەی ئەو یادەوەرییانەی کە لە نێو خوێندنگەدا پێکەوە هەمان بوو، جگە لەوەش من وسامان پێکەوە لە پۆلێکدا دادەنیشتین و لەگەڵ هاوەڵەکانماندا چەند ساڵێك بێ دابڕان پێکەوە بووین، بەڵام رۆژگار لێکی دوورخستینەوە. سامان سەرەتا پرسیارەکانی بە کچە شۆخ و شەنگە باڵابەرزەکە چەند عاشقی بوو، عاشق بوونەکەی هەمووانی سەرسام کرد بوو کە چەند جارێك نامەی خۆشەویستی پێگیرا بوو هەرچەندە مامۆستاکان هەڕەشەیان لێ دەکرد کە نابێت لە قوتابخانەدا بەو جۆرە زیادەڕۆیی بکات، بەڵام ئەو کچە هیچ کات گوێی لە هەڕەشەی مامۆستا و کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکو رۆژ بە رۆژ خۆشەویستییەکەی پەرەی دەسەند و زیاتر عاشق دەبوو.





سامان دووبارە وتی: دەزانیت ئێستا باش ناوەکەیم وە بیر نەماوە، رەنگە ئێستا ببینم نەیناسمەوە، تۆ ناوەکەیت وەبیر ماوە؟

– سەفین: ئای سامان بە راستی سەیرە ناوەکەیت بیرچۆتەوە خۆ هەرنامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسی بە هۆنراوەیەکی تۆدەیڕازاندەوە!

– سامان بە راستی سەفین تۆ زۆر بیرت باشە ئێستا وەبیرم هاتەوە پێم وایە ناوی ژیان بوو.

– سەفین: بەڵێ سامان ناوی ژیان بوو.

– سامان: ژیان چی بەسەر هات ئایا بە خۆشەویستەکەی گەیشت کە ئەوەندە راستگۆیانە خۆشەویستەکەی خۆشدەویست؟

– سەفین: سامان گیان بەرلەوەی باسی رووداوەکەیت بۆ بکەم یادەوەرییە خۆشەکانی ژیانت بۆ دەگێڕمەوە:

ژیان ئەو عاشقە میهرەبانە دڵ پڕ لە عەشقە بوو هەمیشە روویەکی گەش و زەردەخەنەی هەبوو بۆ یەك چرکەش نیگەران خۆی نیشان نەدەدا، زوبانێکی شیرین و رەوانی

هەبوو. ئای چەند عاشق بوو ئێمە هەموومان پەیمان پێ دەبرد کە چەند پەیوەست بوو بە بەڵێنەکانیەوە هیوای دەخواست بیر لە خۆشەویستی بکەینەوە سڵ لە هیچ نەیارێکی عاشقان نەکەینەوە. تا جارێکیان مامۆستای بیرکاری بانگی کرد لە پێش چاوی ئێمەدا پێیووت: ژیان تۆ بەم زیادە ڕۆییانەت ئابڕوی خۆتت بردوە. ژیانش بە دەنگێکی بەرز وەڵامی مامۆستای دایەوە وتی: ببوورە مامۆستا وامدەزانی تۆ زیاتر هانم دەدەیت کە زیاتر یەکمان خۆش بوێ، بەڵام تۆش نەیاری دڵی عاشقانی، ئەی ڕق و کینە و ئازاردان زیادەڕەوی نییە؟ کەواتە ئەگەر تۆش مرۆڤێکت خۆش بوێ ئابڕوی خۆتت بردووە! ئێمە تێکڕا چەپڵەمان بۆ لێدا، دەستخۆشیمان لە وتەکانی کرد.
بەداخەوە سامان سەرئەنجامی خۆشەویستییەکەی ژیان کارەسات بوو. هەرگیز بیرم لە کارەساتی ژیان نەدەکردەوە لە یەکێك لە هاوەڵەکانی خۆمم بیست کە چەندجارێك خوشکەکەی چووبووە داخوازی، بەڵام خانەوادەی ژیان





ڕازی نەبوون. پاشان ژیان بێ ئومێد بوو، لە بەرەبەیانێکدا لە ژوورەکەی خۆیدا خۆی خنکاند بوو.

– سامان: خۆزگە هەرگیز ئەم بەسەرهاتە کارەساتاوییەم نەبیستایە.

سامان بە دڵ تەنگییەوە جێیهێشتم، منیش بەرەو ماڵ بە ڕێکەوتم، کاتێ شەو داهات لە سوچێکی ژوورەکەی خۆمدا بیرم دەکردەوە هەر لە بیری ئەوەدا بووم ئەو تاوانبارەی کە بەیانی دادگایی دەکرێت کێ بێت؟ بۆچی تاوانی کردبێت چەند مرۆڤی بێ تاوانی بێ گیان کردبێت؟ چەند منداڵی چاوگەشی هەتیو و بێ باوك کرد بێ؟ نەخێر بڕواناکەم ئەم تاوانبارە مرۆڤی کوشتبێ نا گەر مرۆڤکوژ بێ بەم شێوەیە دادگایی ناکرێت، دیارە دزی لە هاوڵاتییان کردووە یان لە سامانی دەوڵەت خیانەتی کردووە، بە دەم تەپاوتلەوە دەموت دەست درێژی کردبێتە سەر ئافرەتان دەنا بۆ پۆلیس قۆڵ بەستیان کردووە و بە تاوانبار لە قەڵەم دراوە. تاوانەکەی ئەوەندە گەورەیە بەیانی لە بەردەم هاوڵاتیان دادگایی دەکرێت، بەم جۆرە خەیاڵەوە حەزم

دەکرد لە ماوەی یەك چرکەدا رۆژ ببێتەوە بە دەم گفتوگۆی ناو ناخی خۆمەوە چاوەکانم نوقمی خەو بوون. بەیانی زەنگی سەعاتەکەم بە ئاگای هێنامەوە، هێندە دڵخۆش بووم وام هەست کرد کە ئەو دادگایە تەنها بۆ من رێکخرا بێ. گۆرانکاری لە دەرونمدا رۆی دابوو، خۆم ئامادە کرد و بە رێکەوتم. ئەوەندە تامەزرۆ بووم هەنگاوەکانم گەورە کرد خێراتر دەرۆیشتم، تا گەیشتمە ویستگەی پاس لەسەر کورسی پاسەکە دانیشتم لە تەنیشت پەنجەرەکەوە، سەرنجم دەدایە خەڵکەکە بیرم دەکردەوە دەموت ئاخۆ ئەم تاوانبارە هەقی چ یەکێك لەم مرۆفانەی خواردبێ؟ نزیك بوومەوە لە کۆشکی دادگا و دابەزیم لە پاسەکە بەرەو دەرگەی دادگا رۆیشتم. پاشان بە قادرمەکاندا چوومە سەرەوە لە لایەن پاسەوانی دەرگەوانەوە پشکنینیانم. چوومە نێو دادگا و لە راستیدا تا ئەو کاتەی تەمەنم گەیشتۆتە ئێستا هەستم بە کێشەکانی ناو دادگا نەکردبوو، هەرگیز رۆژێکی واش کارێکم بۆ نێو دادگا نەبووە تا لە رەوتی کاری دادگا شارەزابم بزانم.





دادگاوەرەکان چەندە ماندوون هەریەك لە ژوورەکانی دادگاش تەخان کرابوو بە کێشەیەك بروام نەبوو بە قەد زۆری ژوورەکان و چۆنێتی کێشەکان، کێشە هەبێت لە نێو هاوڵاتیاندا. بە راستی هاتنم بۆ دادگا وانەیەکی کۆمەڵایەتی فێر کردم، لە یەکێك لە پۆلیسەکانم پرسی هۆڵی دادگا لەکوێدایە کە تایبەتە بە هاوڵاتیان؟ پۆلیسەکە بە دەستی ئاماژەی بۆچەپی راڕەوەکە کرد، منیش بەرەو هۆڵەکە رۆشتم لەبەرخۆمەوە دەموت ئایا ئەو مرۆڤانەی لە نێو ئەم دادگایەدان هەموویان تاوانبارن؟ کەواتە ئەم دادگایە پڕە لە تاوان هەریەك بە تاوانێك دێتە بەردەستی دادوەر؟ لە نێو پانتایی هۆڵەکەدا سەرنجی خەڵکم ئەدا هەریەك بە جۆرێك گلەیی لە خۆی دەکرد. یەکێك دەیگووت من چ پێویستم بە دادگا هەیە بیدەنەوە دەستی خۆم، خۆم مافی خۆم وەردەگرمەوە! یەکێك بە گریانەوە دەیگووت من هەر دەبێ جیاببمەوە ناتوانم ژیانی لەگەڵ بەسەر بەرم! یەکێك بە دوای شاهیدا دەگەڕا. ئیدی هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە بۆڵەی لێ دەهات. لەو کاتەدا دوو پۆلیس هاتن

بەروە رووم پیاوێکیان لە نێوانیاندا بوو کاتێك لە من ڕەت بوو ئاوڕم دایەوە هەردوو دەستی لە پشتیەوە بەسترا بوو! گومانم کرد ئەوە ئەو تاوانبارە بێ کە ئەمڕۆ لە هۆڵی دادگا ئامادە دەبێ. منیش هاتووم دەربارەی تاوانەکەی سوود و کەڵك وەرگرم، بەڵام ئەو پیاوە سەری ماشووبرنجی بوو. وتەکەی سامان هاتەوە یادم، کە سامان وتی: ئەمڕۆ گەنجێك دادگایی دەکرێت. لە دەرگەی هۆڵەکەوە چوومە ژوورەکەوە چەند کەسێك ئارەزوومەندی ئەم جۆرە دادگایانە بوون، لەوێ ئامادەبوون، لەسەر کورسییەکان لە پانتایی هۆڵەکەدا تاکوتەرا دانیشتبوون. منیش لە دووەم ریزی پێشەوە بەرانبەر قەفەسی تاوان کە دانیشتم، کەوتمەوە بیرکردنەوە، کەی دادوەر ئامادە بێ؟ ئیدی خۆم پێنەگیرا پرسیارم کرد لە هاوڵاتییەك هاوڵاتیەکە دیاربوو چەند جارێك بوو لەوێ ئامادە بوو چەند تاوانبارێکی بینیبوو کە دادگایی کرابوون بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: وەك هەموو ڕۆژانێکی هەفتە کاتژمێری نۆ دەست پێ دەکات. بەبێ دەنگی دانیشتمەوە تەماشایەکی





کاتژمێرەکەم کرد پاش کەمێك چاوەڕوانیم هێندە دڵخۆشبووم هۆڵەکە قەرەباڵغ دەبوو، پاشان لە دەرگەی سەرەکی میوانەکان پیاوێکی باڵابەرزی بە تەمەن هاتە ژوورەوە ڕۆبێکی درێژی لەبەردا بوو دیار بوو جەنابی دادوەر بوو، چونکە لە هەموو میوانەکان جیا دەکرایەوە. پاشان دوو پیاوی دیکە لە دوایەوە هاتن ئەوانیش ڕۆبی درێژیان لەبەردا بوو هەریەك لە تەنیشت دادوەر دانیشتن غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگی زۆر لە پشتمەوە دەهات، گوێم لە دەنگی کەسێك بوو کە بە هاوڕێکەی تەنیشتی دەووت تاوانباری ئەمجارە دەبێ کێ بێ؟ پاشان دادوەر سڵاوی لە ئامادەبوان کرد و دەستی کرد بە خوێندنەوەی ڕێوڕەسمی دادگا. داوای لە دانیشتوانی هۆڵەکە کرد ئارامی هۆڵەکە رابگرن، چاوم بڕیە چاوەکانی داردوەر ئەوەندە بە تاسەوە سەیری دادوەرم دەکرد وەك بڵێی من مافم خورابێ! حەزم دەرکرد دادگایی کردنەکە زۆر بەزوویی دەست پێ بکات. پاش چەند چرکەیەك دادوەر بانگی کرد تاوان بار بێتە ژوورەوە، بینیم لاوێکیان هێنا دەستەکانی پێوەند کرا بوو.

گەنجێکی بالآبەرزی بەلە باریك سپی پێست سەر و ریش هاتوو رووخساری خەم گرتبووی چاوەکانی لە خەمدا نیشتبوون شەرم گرتبووی سەری بە زەویدا شۆڕکردبوویەوە، جار جار بە چاوی پڕ لە شەرمەوە تەماشای ئامادەبووانی هۆڵەکەی دەکرد. جەستەی وەك شۆڕەبی دەلەرزی، خەم لاوازی کردبوو. پێوەندەکەی دەستیان کردەوە، لە نێو قەفەزەکەدا لەسەر کورسییەکە دانیشت ناو بەناو هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا، لێوەکانی خۆی دەگەست توند پەنجەکانی لە مشتیدا دەگوشی. دادوەر بە دەنگی بەرز بانگی کرد سکالآکەران با بێنە ژوورەوە، ئیدی تا دەهات من بەتاسەوە رۆچوومە نێو قولآیی دادگاوە. پیاوێك هاتە ژوورەوە لە پێش دادوەردا لەسەر کورسییەك دانیشت، دادوەر هەستا وتی ناوی خۆت بڵێ پیاوەکە بە دەنگی بەرز وتی: رەزا غفور رەزا. دووبارە دادوەر وتی: دەبێ سوێند بخۆیت کە بە راستی رووداوەکە وەك خۆی بگێڕێتەوە. رەزا دەستی لەسەر قورعانەکە دانا، ئێمە هەموو دانیشتوانی هۆڵەکە هەستاینە سەرپێ





دەستمان خستەسەر سنگمان. رەزا دەستی کرد بە گێڕانەوەی رووداوەکەی و وتی: جەنابی دادوەر تاوانبار نامۆ لە پێش چەند مانگێك هەروەك پڵنگێکی برسی هەڵیکوتایە سەرمان کاتێك ئێمە داوامان لێ کرد ئابڕوومان بپارێزێت بزانین داواکاری چییە، بەلآم تا دەهات هەڵمەتی بۆ دەهێنایین منیش بەرەو پیری چووم تا لەگەڵ کوڕەکانم بە شەڕ نەیەت، بەلآم بێ گوێدانە قسەکانم چەند چەقۆیەکی لە من دا، ئیدی ئەگەر هاوسێکان بە فریام نەهاتنایە ئەوا بە ئێجگاری کۆتایی بە ژینم دەهات. چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە بووم تا ئازارەکانم هێدی هێدی هێور بوونەوە. جەنابی دادوەر نامۆی تاوانبار چەقۆکانی داوە لەلای چەپی جەستەم وەك لە بەڵگەنامەی پزیشکدا دەرکەوتووە کەمێك نووکی چەقۆکە زیاتر بڕۆشتایە بە تەواوی گیانم لە دەست دەدا. هەرچەندە جەنابی دادوەر ئەم تاوانبارە برازای خۆمە هەر لە منداڵییەوە لە ژێر چاودێری خۆمدا گەورە بووە، بەلآم نامۆ هەموو چاکەکانی لە بیرکرد و بەم جۆرە پاداشتی دامەوە. هۆکاری کێشەکەی من کچێکم

هەبوو نامۆ داوای لێ کردم بیکەمە هاوسەری کچەکەم، من بڵێم چی جەنابی دادوەر کچەکەم نەیدەویست ژیان لەگەڵ نامۆدا بەسەر بەرێت، هیچ یەکێك لە خێزانەکەم رازی نەبوو. نامۆ لە ماڵی ئێمەدا وەك کوڕ و منداڵێکی خۆم حسابم دەکرد راستییەکەی جەنابی دادوەر نامۆ کەسێکی ئاژاوەچییە کار ناکات هەر ئەو ئاژاوانەی وای لێکردوە کە ئێمە نەتوانین کچی خۆمانی بدەینێ! دایکی من کە نەنکی نامۆیە، نامۆ بەخێو دەکات. پاشان رەزا دانیشتەوە ئیدی من بە تەواوی قینم لە نامۆ هەڵگرت. چۆن دەبێ مرۆڤ ئەوەندە نمەك بە حەرام بێت؟! نەدەکرا نامۆ بەم شێوەیە پاداشتی رەزا بداتەوە؟ چاوم بڕییە چاوەکانی نامۆ وەك منیش بەئاگا بێنێتەوە بڵێت تۆش بڕوات کرد! بە راستی سەرسام بووم دڵنیا بووم کامیان خاوەن مافن دەنگی دادوەر خەیاڵی بڕیم و وتی: پارێزەرەکەی رەزا چی هەیە بیڵێ؟ ئیدی پارێزەرەکە دەستی کرد بە قسەکردن وتی: بەڕێز جەنابی دادوەر ئەم تاوانبارە لە یەکێك لە دۆسێی بنکەی پۆلیسدا کە ئەفسەری لێکۆڵەرەوە دەریخستووە،





نامۆی تاوانبار هەڕەشەی لە بنەماڵەکەیان کردووە بۆتە جێگای مەترسی بۆ هەمووان بە وتەی رەزاغفور کە دەڵێت چەند جارێك ویستویەتی کچەکەی بفڕێنێ، پارێزەرەکە دانیشتەوە سوپاسی دەرفەتی دادوەری کرد. ئیدی تا دەهات رقم لە نامۆ دەبووەوە کە ناکرێت مرۆڤ بەم جۆرە خۆی بخاتە مەترسییەوە دووبارە چاوم بڕییەوە نامۆ بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردین، لە یەك چرکەدا دەموچاوی گرژومۆن کرد. دەنگەدەنگێکی زۆر هات ژنەکەی رەزا هۆڵەکەی هێنایە زەلزەلە هاواری دەکرد و دەیوت: دەبێ یاسا لەناوی بەرێت، کەی ئەمە یاسایە؟ یاسا لە ئاست ئەم تاوانبارە بێدەنگە! نازانم بۆ یاسا بێدەنگە بڕوانە جەنابی دادوەر نامۆ پێمان پێدەکەنێ! تێکڕا کوڕەکانی رەزا هەڕەشەیان لە نامۆ دەکرد، هەر شاڵاویان بۆدەهێنا. دادوەر زەنگی بێدەنگی لێدا داوای شاهیدی لە رەزا کرد. رەزا بە فیزێکەوە هەستاو وتی: جەنابی دادوەر هەردوو کوڕەکەم ئامادەن شایەتی بدەن، هەردوو کوڕەکەی رەزا هەستان شایەتییان دا، ئەمجارە بە

رقەوە سەیری نامۆم کردەوە، نامۆش زانیی من چاوم هەر لەسەریەتی دەستیەکی بە نێوچاوانییەوە گرت و سەری داخست. دادوەر کەمێ گفتوگۆی لە نێوان خۆی و دوو هاوکارەکەی تەنیشتیدا کرد و رووی کردە نامۆ و وتی: نامۆی تاوانبار ئێرە دادگایە تۆ تاوانێکت بەرانبەر بە مامت ئەنجام داوە. نامۆ سەری بەرزکردەوە وەك ئەوەی تەواو ئازاریان دابێ و مافیان خواردبێ بە چاوی پڕ فرمێسکەوە چاوەکانی بڕیە چاوەکانی دادوەر، لێوەکانی وشك هەڵهاتبوون، لە پڕ ئاوڕی دایەوە بە رووی کوڕەکانی رەزادا، هێندە بەداخەوە سەیری کرد پێموابوو ئەوانیش هەڵهاتبوون لە ژێر چنگیدا، دەنا ئەوانیشی بە دەردی باوکیان دەبرد، دادوەر ڕووی کردە نامۆ و وتی: نامۆ، بڵێ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تاوانەی ئەنجامت داوە چییە؟ بۆ ئەم تاوانەت ئەنجام داوە، ئایا پەشیمان نیت لەم تاوانەی ئەنجامت داوە؟ تۆ کە ئێستا زیندانێکت کردۆتە ماڵی خۆت باشتر نەبوو ئەم کارەت ئەنجام نەدایە، تۆ ناتوانیت بە زۆر کەسێك بکەیتە هاوسەری خۆت کە بە ژیانت رازی نەبێ؟





تۆ کارناکەیت، بەمجۆرە کارانەش توشی گرفتێکی زۆر دەبیت. نامۆ رووی کردە دانیشتوانی هۆڵەکە هیچ وەڵامی دادوەری نەدایەوە فرمێسك لەسەر رووومەتی هەڵقەی بەستبوو، هەرچەندە سەیری نامۆم دەکرد، نامۆ لە مرۆڤێکی ترسنۆك نەدەچوو چاوەکانی بڕ بوو لە غیرەت.

# بەشی دووەم





ئەو فرمێسکانەی کە لە چاویدا وەك خوناوکە دەهاتە خوار پێموا نەبوو کە ئەو ئەسرینە پڕ حەسرەتەی بۆ ترسی دادوەر و دادگا بێ یان ئێمەی دانیشتوانی هۆڵەکە بەزەیمان پێیدابێتەوە، فرمێسکەکانی وایان دەردەخست هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە دادگاوە، لەو کاتەدا وەك کەسێك بێتە ناخمەوە و پێمبڵێت بۆ کەسێکی تر دەڕێژرێت ... چونکە ناو بەناو هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا و بە ئاخ کۆتایی پێ دەهێنا، لە ناخیدا خۆی دەخواردەوە توند لێوی خۆی دەگەست بێزار و نیگەران بوو گاڵتەی بە دادگاکە دەهات ناو بەناو سەیری منی دەکرد بێگومان بووم کە لە ناخیدا دەیوت: سەفین تۆش هاوڕێی منی دادوەر بڕیاریدا دۆسێی تاوانەکەی نامۆ بۆ مانگێك دواخرا. نامۆیان پێوەند کردەوە، بردیانەوە بەرەو زیندان و ژوورە تاریکەکەی خۆی. لە دووەمین هەنگاویدا ئاوڕێکی دایەوە هەستم کرد کە پێمان دەڵێت لە پاش مانگێك دان بە هەموو تاوانەکانمدا دەنێم! لە نێو چوار

دیواری پان و بەریندا کە بە قفڵێکی گەورە دەرگەکەی پێوەند کرابوو هەموو هاوڕێکانی نامۆ بە هاتنەوەی نامۆ دڵشادبوون و لە دەوری کۆبوونەوە. یەکێك لە هاوڕێکانی نامۆ دۆستێکی دڵسۆزی بوو، ناوی محمود بوو پرسی: نامۆ گیان دادوەر چی پێ وتیت، دوا بڕیاری دادگا چی بوو؟ نامۆ هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: منێك بە بینینی مامە ڕەزا برینەکانم دەکولێتەوە، ئازارەکانم زیاد دەکەن، من کە هەمیشە لە ئازاردا دەژیم بۆ من ئێوە و دەرەوەی زیندان وەك یەکە! پێموا نییە بتوانم هەقی خۆم لەم دادگایەدا وەربگرم، دەزانم مامە ڕەزا چەند پارێزەرێکی بە پارە گرتووە و پارێزەرەکانیش لە بەرژەوەندی ئەو قسە دەکەن، تا جارێکی تر من دەرەوەی زیندان نەبینم و خۆی بتوانێت بە ئاسودەیی بژی، ئێستا هێندە بەداخم کە نەمتوانی کۆتایی بە ژینی بهێنم! بەداخەوە کە لە ژێر چنگم هەڵهات. محمود گیان، ئەوان بە هەموویان سکالاًیان لەسەر من تۆمار کردووە، ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکەمەوە من بوومەتە تاوانبار، تەنانەت دادوەریش بە تاوانبار بانگم





دەکات. من دەبێ باجی تاوانەکەی خۆم بدەم، کێ گوێ لە خەمەکانی من دەگرێ، لەبەر ئەوەی من تاوانبارم یاسا ئامادە نییە گوێ لە من بگرێ. ئایا محمود گیان من کەسێکم کوشتووە؟ یا سامانی خەڵکم بە تالآن بردووە؟ کە تاوانەکەم ئەوەندە گەورەیە لەبەردەم هاولآتیاندا دادگایی بکرێم، ئیدی چیم پێ دەکرێ؟ هەموو هاولآتییەکان چاویان لە چاوم بڕی بوو، زۆربەشیان بە توڕەییەکەوە لێیان دەڕوانیم، دادوەریش داوای لێ دەکردم کە دان بنێم بە هەڵەکەمدا. ڕاستی ڕووداوەکە بگێڕمەوە ئەوان کە خاوەنی سەرمایەن پارێزەریان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان گرتووە بەکرێ، ئیدی من چۆن دەتوانم لە دەست ئەوان هەڵبێم ئێستا مامە ڕەزا و خێزانەکەی دڵخۆشن کە من لە چواردیواری زینداندا بەند کراوم، من چی کارێکم لە دەست دێ بۆ پارێزگاری کردن لە خۆم؟! محمود گیان من لەم زیندانەدا بە تەنها تۆیت کە خەمەکانم بڕەوێنێتەوە هەرچەندە تۆش گرفتاری خەمەکانی خۆتیت.

نامۆ لە سوچێکی زینداندا دانیشتبوو فرمێسکی دەڕشت فرمێسکەکانی هەڵقەی بەستبوو بە نێو تەنکە ریشەکەیدا دەهاتنە خوار. محمود وتی: نامۆ گیان چیتر نامەوێت بەم شێوەیە خۆت دڵتەنگ بکەیت ئازاری خۆت بدەیت، هەریەك لە ئێمە تاوانەکانمان لە تاوانەکەی تۆ قورسترە تۆ دەشتوانیت ئەگەر کەسێك ببێتە بارمتەت ئازادت بکات بەڵام ئێمە بە چونەدەرەوەمان کێشەکەمان گەورەتر دەبێت ڕەنگە کەسوکاری زیان لێ کەوتوو بمان کووژن! ئیدی نامۆ گیان تۆ تاوانێکی ئێجگار گەورەت نەکردووە تا یاسا بۆ هەتا هەتایە لێرە بتهێڵێتەوە، کێشەیەك نییە دادوەر لە پێش چاوی هاوڵاتی دادگایت بکات، رەوتی دادگا هەمیشە بەمجۆرەیە تۆش تاکە کەس نیت لەبەردەم هاوڵاتیاندا دادگایی بکرێت گرنگ ئەوەیە تۆ راستییەکانی خۆت بخەیتەڕوو، بەڵام نامۆ گیان لە کاتێکدا کە قسەکانت بۆ دادوەر دەکەیت نابێت بپەشۆکێیت نەبا دادوەر گومان لە قسەکانت دروست بکات ...





– بە راستی محمود گیان تۆ هاوڕێییەکی دڵسۆزیت بۆ من، بەڵام من هەرگیز نازانم درۆ بکەم نەك لەگەڵ دادوەردا بەڵکو لەگەڵ هیچ کەسدا ناتوانم درۆبکەم.

– محمود: کەواتە کە تۆ نیگەرانیت دادوەر ماوەی بەندکردنەکەی دیاری کردویت؟

نامۆ بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی: نا محمود گیان تەنها رۆژێك لە ژیاندا تروسکەی خۆشیم بەدی نەکردووە، بەڵکو هەر شوێن قەدەر کەوتوم یادەوەری کەسێکی ئازیزم ئازارم دەدات، تەنها کەسێك بە هەموو ناسۆرییەکانی ژیانم رازی بوو، بەڵام ئەو زاتە بێگوناهە خاوەن خێزانێکی دڕندە بوو تا گیانی سپارد رێگەیان نەدا بە ویستی خۆی بژی، منیش دەمەوێت بمرم، نامەوێت بژیم. نامۆ وتی: محمود گیان کۆمەڵگەی ئێمە رێز لە مرۆڤایەتی ناگرن هەر لە سەرەتای ژیانمەوە خواست و ئارەزووەکانم بەدی ناکەم، نازانم دایکم لە باوەشی کێدایە باوکم کێیە؟ گەر منیش وەك هەموو مرۆڤێك خاوەنی دایك و باوکی خۆم دەبووم ئێستا لە پلەی بەرزی خوێندندا دەبووم چیم دەکرد لە

زیندانا؟!! ئەگەر هەریەك لە ئێمە خۆشەویستیمان هەبێ بۆ نیشتمان و دایك و هاوڕێکانمان چیدی مرۆڤەکان تاوانیان ئەنجام نەدەدا ژورەکانی ئەم زیندانەش پڕ نەدەبوون لە تاوانبار. منێك لە خەویشدا ناوی زیندانم نەبیستبوو، کاتێ باسی زیندانیشیان لا دەکردم موچوڕکەیەك بە گیانمدا دەهات و سڵم دەکردەوە. سروشت بە پێچەوانەی حەزەکانی من بوو ئێستا دەبینم پانتاییەکم لەم زیندانەدا داگیر کردووە. هەمیشە نەمویستوە کێشەکانم بگاتە رادەی پەشێوی و تاوانکردن، بەڵام ئایا ئێمەی مرۆڤ وەك یەك بیردەکەینەوە؟ ئەگەر ئێمە ویژدان و خۆشەویستیمان هەبێ کەمترین تاوان دەکەین، بەڵام کێشە گەورەکانن کە لێمان تێ ناگەن ناچارمان دەکەن کاردانەوەی خراپمان هەبێ. دەزانیت محمود گیان کە تێنەگەیشتن و توڕەیی مرۆڤ بە ئاراستەیەکی تردا دەبات، من خۆم هەست دەکەم تاوانبارم ئەوانەی وەك من لەم زیندانەدان لەسەر تاوانکردن بەندکراون، بەڵام محمود تۆ هەستەکەیت گەلێك زیندانی تریش هەیە لە دەرەوەی ئەم زیندانە کە ئافرەتان





ماڵەکانیان لێ کردونەتە زیندان، خێزانەکانیان بە بوونەتە پاسەوانیان ئیدی خەونی کچان مەحاڵە بەدی بێت بەداخەوە یاسا لێیان بێدەنگ و بێ ئاگایە ئێوەش کە هەمووتان هاوڕێی منن کەسێك هەیە لە دەرەوەی زیندان بێت بۆ لاتان ئەدی کێ هەیە بێتە لای من؟ محمود گیان لە دەرەوەی زیندان ماڵێك نییە تێیدا بحەسێمەوە، ئیدی دەبێ لەم زیندانە بەولاوە چیم هەبێت. خوایە مەگەر منت بیرچۆتەوە مەگەر بڕیار نەبوو عەبدەکانی خۆت بە ئاوات بگەیەنیت...

رۆژەکانم دەبژارد تا دەگەیشتمە بیست و نۆهەمین رۆژی مانگ، ئیدی ئەو شەوە کە بۆ بەیانی دادگاییەکە دەستی پێ دەکردەوە لەگەڵ درێژایی شەودا بیرم لە چۆنێتی دادگاییەکەی بەیانی دەکردەوە، بەیانی دادگاییەکە بە چی ئاراستەیەکدا دەڕوات؟ کێ خاوەن ماف دەبێ و کێ تاوانباری سەرەکی دەبێ؟ هەستم نەدەکرد کە ئەو تاوانبار بێ ئەوەی ئازاری بدەن تاوانێك ئەنجام بدات. نامۆ هەرچەندە تاوانبار بوو کە لە پێش ئێمەدا دادگایی

دەکرا، بەڵام رووخساری وای دەردەخست گەلێك زیانی لێ کەوتبوو ئەوجا بۆتە تاوانبار، چونکە مرۆڤی تاوانبار شەرمن دیار نییە، بەڵام لە نامۆدا شەرم و فرمێسك رشتن و گەلێ شتی تر دەبینرا. بەیانی زوو بەرەو دادگا کەوتمە رێ لە هەمان شوێنی پێشوو دانیشتمەوە مەبەستم بوو بزانم نامۆ بۆ تاوانی ئەنجام داوە؟ ئایا ئەوانەی لە پێش چاوی هاوڵاتیان دادگایی دەکرێن وەك نامۆ تاوانبارن؟ پاشان هێدی هێدی هۆڵەکە قەرەباڵغ دەبوو هەمان دادوەر و هەمان پارێزەر لەوێ ئامادە بوون زۆر مشتاقی بینینی نامۆی تاوانبار بووین، سەیر بوو گومانم هەبوو ئەم تاوانبارە مرۆڤێکی خراپ بێت، هەستم دەکرد کە ئازارێکی زۆردراوە دەنا تاوانی ئەنجام نەدەدا. پاشان نامۆیان بە کۆت و بەندکراوی هێنا و لە نێو قەفەسی تاواندا دایاننا ... ئەم دادگایە لەگەڵ دادگاکەی دیکەدا چەند گۆڕانکاریەکی تێدا بوو. مایکرۆفۆنێکیان لەبەردەم نامۆدا دانا، دادوەر ئامادەیی راگەیاند. پارێزەرەکە هەمان بەڵگەی پێشووی خستەوەڕوو دادوەر رووی کردەوە نامۆ و وتی: نامۆ تۆ





تاوانباریت چیدی دەرفەتت نەماوە راستییەکان بشاریتەوە. دەبێ چاوەڕوانی سزای یاسا بیت. دەستم لە ژێر چەناگەم توند کرد و چاوم بڕییە چاوەکانی نامۆ چاوەڕوانی بووم تەنها وشەیەك بدرکێنێت تامەزرۆبووم بۆ بیستنی تاوانەکەی. نامۆ هەستایە سەرپێ، سەری بە زەویدا شۆڕ کردەوە، دادوەر بە توڕەییەکەوە وتی: ئەم بێدەنگییەت وا دەکات تاوانەکەت لەسەرساغ ببێتەوە.
نامۆ سەری بڵند کردەوە دەستی توند کرد ل ەقەفەسەکە وتی: سوێند بەخوا جەنابی دادوەر راست دەدوێم تەنها وشەیەك لە قسەکانمدا درۆ نییە، ناچاریش نیم لە پێش ئێوەدا درۆ بکەم خوداش دادوەرە بەسەر هەموومانەوە.
نامۆ کاتێ بەم شێوەیە قسەی دەکرد چاوەکانی فرمێسکی لێ دەتکا، بە دەنگێکی نەرم وتی: سڵاو جەنابی دادوەر، سڵاو ئامادەبووان. جەنابی دادوەر هیچ کات گومان لەوەدا نییە کە من تاوانم ئەنجام داوە . هەرگیز بیرم لە تاوانکردن نەکردۆتەوە، بەڵام مامە رەزا ناچاری کردین دەستمان بچێتە خوێنی یەکەوە، هەڵبەتە دەزانم لە دادگادام لە پێش

دادوەردا وەستاوم، خۆشحاڵم کە بۆ یەکەمجار دادوەرێکی بەڕێز گوێ لە خەمەکانم بگرێ و راستی رووداوەکەی بۆ روون ببێتەوە، ئێوەی بەڕێزیش لە تاوانەکەم پرسیار دەکەن. جەنابی دادوەر دەمەوێت دەرفەت بدەن تا لە سەرەتاوە ئاشناتان بکەم بە سەرهەڵدانی ئەم تاوانە، ئیدی من دوای تەواوبوونی قسەکانم ئامادەم بۆ سەپاندنی یاسا بە سزادانم. جەنابی دادوەر، ئامادەبووان یاسا بە هەڵە منی بەند کردووە، دەکرێت یاساش لە هەڵەکانی خۆی بکۆڵێتەوە، راستییەکەی جەنابی دادوەر دوو ساڵ بەر لەوەی من زیندانی بکرێم کچێکم خۆشدەویست ناوی نیگا بوو درووود بۆ گیانی پاکی نیگای خۆشەویستم. نیگا کچی مامە رەزایە، جەنابی دادوەر مامە رەزا سکاڵای لەسەر من تۆمار کردووە پاش ئەنجامدانی تاوانەکەم ئێستاش لەم هۆڵەدا ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مافی خۆی دەزانم ئێرە دادگایە شوێنی راستگۆیی و راست وتنە، مرۆڤ کاتێ تاوانێك ئەنجام دەدات دەبێ دان بە هەڵەکانیدا بنێ بێگومان دادگا دانراوە بۆ ماف وەرگرتن. تا هەموو مرۆڤێك





بتوانێت سود لە یاسا وەربگرێت. دڵنیام دادگا جیاوازی ناکات لە نێوان شا و گەدا و هەژار و دەوڵەمەند و خزم و بێگانە. بێگومان جەنابی دادوەر یاسا سڵ لە هیچ کەسێك ناکاتەوە، بەڵکو ئەگەر مرۆڤێك تاوانبار بێت یاسا باجی تاوانەکەی لێ وەردەگرێت یان ئەگەر ستەمی لێ کرابێت یاسا مافی بۆ وەردەگرێت. پێتان وانەبێت بێت هیچ لە یاسا ئاگادار نیم، منیش کە هاوڵاتییەکم تەواوی بەندەکانی یاسام لا پەسەندە، بەڕێز جەنابی دادوەر ئێمە دوو عاشق بووین زۆر بەختەوەر دەژیان ئەگەر دوو مرۆڤیش یەکیان خۆشبوێت هیچ کاتێك بیر لە ئازاردانی مرۆڤەکان ناکەنەوە، من و نیگا یەکمان خۆشدەویست خۆشەویستییەکەمان لە ناخەوە هەڵقوڵا بوو زۆر ئاسوودە بووم کە من کچی مامی خۆمم خۆشدەویست، من دایك و باوکم نییە نیگا بۆ من خەمی بێ دایك و باوکمی بەڵکو بۆشاییەکانی نێوان من و باوکم و دایکمی پڕ کردبوەوە، من بۆنی خۆشەویستی نیگام وەك هەموو گوڵەکانی دنیا بۆن دەکرد تا ئەو کاتەی من و نیگا لەم ژیانەدا بە

خۆشەویستی دەژیاین. هەموو مرۆڤێکم خۆشدەویست خۆشەویستی ئێمە خۆشەویستییەکی راستەقینە بوو ک ەسەرئەنجام مەرگ شکستی پێ هێناین! تازە لەکەف و کوڵی چوادە ساڵیدا بووم باوکم بە نەخۆشی گیانی لە دەستدا، ساڵێك دوای کۆچی باوکم دایکم هاوسەرگیرییەکی تری پێکهێنا ئیدی دایە گەورە منی بردە لای خۆی.

– دادوەر: دایە گەورە کێیە؟

– نامۆ: دایە گەورە دایکی باوکم و مامە رەزایە.

– دادوەر: بەردەوام بە بڵێ.

– نامۆ: ئیدی دایە گەورە بەخێوی کردم هەر ئەو سەرپەرشتیارم بوو، هیچ یەکێك لە براکانی باوکم کۆمەك و هاوکاریان نەکردووم نازیان هەڵنەگرتووم بەڵکو بە چاوی بەزەییەوە سەیریان کردووم هەرچەندە من لەو تەمەنەدا بە نەبوونی دایکم و باوکم، بە توانجەکانی ئەوان رازیبووم. کاتێك لەگەڵ نیگادا پەیمانی خۆشەویستیمان بەست، نیگای خۆشەویستم لە ئازارەکانی من تێدەگەیشت بە





ژیانی من رازی بوو، ماوەی دووساڵ پەرەمان دا بە خۆشەویستییەکی پاك و بێگەرد، خۆشەویستییەکەمان خۆشەویستییەك بوو تا ئەوپەڕی خۆشەویستی، هیچ بەربەستێك لە نێوان ئێمەدا نەبوو بۆ جیابوونەوە هەرچەندە من بە چاکم زانی هاوسەرگیری لەگەڵ نیگادا بکەم، بەڵام بە داخەوە کاتێك مامە رەزا زانی کە من و نیگا یەکمان خۆشدەوێ بە تەوس و توڕەییەکەوە بانگی کردم وپێیوتم: نامۆ هیچ کەسێك نەیتوانیوە لە ئابرووی من کەم بکاتەوە، تۆش ناتوانیت سوکایەتی بە ئەندامانی خێزانەکەمەوە بکەیت. تۆ دەبێ دایکە شوکردووەکەت بدۆزیتەوە تا ئەو هاوسەرگیریت بۆئەنجام بدات، دڵنیاش بە کە من کچی خۆم نادەم بە تۆ تۆ زۆر بێ شەرمانە خیانەتت لە من کردووە، هیچ کاتێك رێگەت پێ نادەم کەسێکی وەك تۆ خیانەتکار بێتە ماڵم. جەنابی دادوەر منیش زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنی بە مامە رەزام وت: مامە گیان خراپ تێگەیشتووی رەنگە تۆ وا هەست بکەیت بە تەنها نیگام خۆشبوێت من هەمووتانم خۆشدەوێت، بەڵام

من هیچ کاتێك بە خیانەت و سوکایەتی نازانم گەر نیگام خۆش بوێت، مامە رەزا بە جۆرێك تورەب وو بە دەنگی بەرز هاواری کرد بەسەرمدا، تا ئەو رادەیەی هێز لە جەستە بڕا بوو دەستی کرد بە لێدانم. ئیدی منیش نەمتوانی بە روویدا هەڵبشاخێم سەرم داخست و رۆیشتم کە گەیشتمە ماڵەوە بەسەر هاتەکەم بۆ دایە گەورە گێڕایەوە. دایە گەورەش نیگەران بوو، بە بیستنی قسەکانم دڵ تەنگ بوو. کەمێك بۆ بێکەسی و بێهاودەمی من گریا، خۆی گەیاندە ماڵی مامە رەزا و ئەویش بێ بەزەییانە دایە گەورەی دەرکرد! من زۆر نیگەران بووم، لەو ساتەوە داخ و ئازارەکانی من دەستی پێکرد، بەڵام لە بێ چارەیدا ئارامم گرت. جەنابی دادوەر هاتنی نیگاش بۆ ماڵی ئێمە قەدەغە کرا! نەمدەتوانی بۆ چرکەیەك نیگا فەرامۆش بکەم، چونکە پێموایە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت خۆشەویستەکەی لە یاد بکات. کاتێك عەشق لانەی خۆی لە دڵی ئەو مرۆڤەدا دروست کردبێت. پاش نیوەڕۆیەکی گەرم لە نێو باخچەکەدا رۆمانێکی عاشقانەم دەخوێندەوە لەو رۆمانەدا





ئازارەکانی خۆمم تیا بەدی دەکرد لە دەرگەدرا کاتێك دەگاکەم کردەوە پورە رەزیە و سازان بوون، هاتبوون بۆ لای دایە گەورە. سازان بانگی کردم، سلاوی نیگای پێ گەیاندم، پاشان نامەیەکی نیگای پێدام. بەڵێ جەنابی دادوەر سازان ببووە تاکە رێگەیەك کە من و نیگا پەرە بە خۆشەویستییەکەمان بدەین. ئیدی هەر کاتێك سازان دەهات بۆ لای دایەگەورە کەمێك لە ئازارەکانمی کەم دەکردمەوە و خۆشییەکی بێ وێنە لە لام دروست دەبوو. سازان فریشتەیەکی پەیامبەر بوو لە نێوانماندا، من و نیگاش بێ سازان هیچ رێگەیەك نەبوو تا هەستی ناخمان دەربڕین. سازان هێندە بەزەیی بە ئێمەدا دەهاتەوە خەمەکانی ئێمەی بۆ پورە رەزیە باس کردبوو، پورە رەزیەش هەرچەندە لە مامە رەزا بچوکتر بوو، بەڵام کەوتبووە سەرزەنشتی مامە رەزا. کاتێك سازان وتە سەرزەنشتەکانی پورە رەزیەی بۆ گێڕامەوە، ترسام مامە رەزا بەلایەکمان بەسەربێنێ.

جەنابی دادوەر رۆژێکیان چوومە بازاڕ نیگام بینی، نیگا رازی دڵی خۆی بۆ کردمەوە کە مامە رەزام بیّ ویژدانانە ئازاری داوە، منی هێندە سوك کرد بوو لەبەرچاوی نیگادا ئیدی نەمتوانی گویّ بۆ وتەکانی نیگا بگرم، فرمێسك و هەنسکەکانی ئازاریان دەدام. نیگا توند دەستی گرتم وتی:

تکا دەکەم نامۆ گیان با پێکەوە بڕۆین لە شارێکی تر ژیان دروست بکەین، چیدی ناتوانین لەناو ئەم خێزانەدا بە خۆشەویستی بژین! جەنابی دادوەر بە نیگام وت: هەرکاتێك لە دەستم بێت دەیکەم، بەلاّم کارێك ناکەم کە ئابڕووی بنەماڵەکەم ببەم. نیگا زۆر تکای لێکردم، بەلاّم نەمتوانی ئەو کارە بکەم کە ئەو دەیویست. نیگام بە گریانەوە بەجێهێشت و هەروەکو شێتێك بە شەقامەکەندا لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد. بەرەو مەیخانە کەوتمەڕێ لەسەر مێزی مەیخانە جگەرەیەکم داگیرساند و بانگم کرد مەیم بۆبێنن، ئەوەندە بە خەم و پەژارەوە پێکەکانم پڕ دەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتای مەی نۆشینم بوو. لە هوش خۆم چووم کاتێك بەئاگا هاتمەوە لەسەر شەقامەکە





کەوتبووم، بەلاّم مەستی مەیش نەیتوانیبوو لە خەمەکانم کەم بکاتەوە. بەرەو لای دایە گەورە رۆشتمەوە هەرچەندە من بە گیانێکی شەکەت و ئازاراویەوە رۆشتمەوە بەلاّم دایە گەورە لە ماڵ نەبوو. لە یەك لە دراوسێکانم پرسی دایە گەورە چۆتە کویّ؟ پەروین خان کە یەکێك بوو لەو دراوسیّ دڵسۆزانەی هەمیشە دەست گیرۆیی دایە گەورەی دەکرد وتی: دایە گەورە بە شوێن تۆدا دەگەڕیّ، کوڕم تۆ کوێوە چووبویت؟ هێشتا بۆ ماوەی مەی لە گیانمدا مابوو دانیشتم تا دایە گەورە هاتەوە. دایە گەورە سەرزەنشتی کردم و وتی: نامۆ گیان تکات لێدەکەم واز لەم جۆرە رەفتارانە بێنە، پێت وا نەبێت کە ئەم جۆرە رەفتارە خراپانە تۆ بە ئاواتەکانی خۆت بگەیەنێت، من هەموو کارێکم کردووە تا تۆ و نیگا پێك شادبکەم. ئەم وتانەی دایە گەورە تاکە ئومێدێك بوو بۆم زۆر دڵخۆش بووم. جەنابی دادوەر ئێوارەیەك من و دایەگەورە بڕیارماندا بچینە ماڵی پورە رەزیە، کە چووینە ئەویّ شێوی ئێوارەمان خواردو و سازان بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی

نامەیەکی نیگای دایە دەستم و چەند وتەیەکی نیگاشی پێوتم منیش نامەکەم نایە گیرفانم و بڕیارمدا کە ڕۆشتمەوە بیخوێنمەوە. ئیدی ماڵی پورە ڕەزێش بۆ من و نیگا ببووە پردێك بۆ گەیاندنی راز و نیازمان، پاشان لەگەڵ دایە گەورە بەڕێ کەوتینەوە بۆ ماڵەوە، بە سازانم وت : دڵنیابە وەڵامی نامەکەی نیگا زوو دەدەمەوە لە ژوورەکەی خۆمدا لەسەر پشت خۆم دابوو بە زەویدا هێندە بە تاسەوە نامەکەی نیگام خوێندەوە کە بە جۆرێك نوسیبووی.

– دادوەر: چی لە نامەکەدا نووسرابوو؟

– نامۆ: دادوەری بەڕێز بمبەخشە کە ئێستا نامەکانیم وەك بەڵگەیەك لەلا نییە بۆ راستی و دروستی قسەکانم گەر بفەرموون پوختەیەکتان بۆ باس دەکەم.

– دادوەر: بڵێ بزانم چی نووسرابوو؟

– نامۆ: جەنابی دادوەر نیگا لە نامەکەییدا باسی هەڕەشەکانی مامە ڕەزای کردبوو بەم شێوەیە نووسرا بوو:





نامۆی خۆشەویستم بێگومان دەزانم تۆ لە چ حاڵێکدایت، دەزانم کە هەمیشە لە خەمی مندایت، من ئەم هەڵوێستە عاشقانەت بەرز دەنرخێنم، هیوادارم رۆژێك بتوانم چاکەت بدەمەوە، راستییەکەی نامۆ گیان دوێنێ باوکم پورە ڕەزیەی بینیبوو، پورە ڕەزیەش داکۆکییەکی زۆری لە ئێمە کرد بوو. کاتێك هاتمەوە ماڵ بێ ئەوەی من هیچ قسەیەك بکەم یان هیچ پرسیارێکم لێ بکات، تا مانوو بوو لێیدام، بڕوام نەبوو کە باوکم بتوانێ بەو شێوەیە ئازاری جگەرگۆشەکەی بدات! ئێستا من دەستێکم شکاوە منیش بەو ئازارەوە بە گریانێکی بەکوڵەوە پێموت: بایە گەر دەتەوەێ بمکوژی بۆ تۆ ئاسانە، گەر نەشمکوژی ئەوا من خۆم دەکوژم! باوکم کاتێك گوێی لەم قسانەی من بوو دەستی لە لێدانم هەڵگرتو و منیش بە دەستێکی شکاوەوە بەرەو چێشتخانەکە رۆشتم. لەوێ هەندێ نەوتم کرد بە جلەکانمدا و ویستم بە فرمێسکەکانم ئاگر لە جەستەی خۆم بەربدەم، بەلاّم دایکم بەم کارەی زانی و نەیهێشت رووداوێك رووبدات، بەلاّم نامۆ گیان تکات لێدەکەم گەر

دەتەوێ بە ئاسودەیی بژین با لە چنگ ئەم زۆردارانە هەڵبێین و بڕۆین!!

دوای ئەوەی نامەکەم خوێندەوە ئیدی بە تەواوی ورەی خۆمم لە دەست دا، هیچ جێگایەك نەبوو پەنای بۆ بەرم تا نیگا لەم ئازار و ئەشکەنجەیە رزگار بکەم، هەرگیز نەمدەویست کارێك بکەم کە ئابڕووی بنەماڵەکەم لەکەدار بکەم، پاشان نامەیەکم بە سازاندا بۆ نیگا نارد، تێیدا نووسیبووم کە ئارام بگرە تا چارەسەرێکی گونجاو دەدۆزمەوە لەبەر ئەوە هەرکارێکم بکردایە دەبووە زیان بۆ خۆم و بنەماڵەکەم.





# بەشی سێیەم

جەنابی دادوەر لێرەوە چیرۆکی کارەساتەکەمان دەستی پێکرد، پاش چەند رۆژێك نیوەڕۆیەکی گەرم بوو رۆژی هەینی بوو، لە کارکردن گەڕامەوە بۆ ماڵەوە کاتێك لە دەرگەم دا دایە گەورە دەنگی نەبوو پاشان بە دیوارەکەدا هەڵگەڕام و چوومە حەوشەکەوە بینیم دەرگەکانی ژوورەکەش پێوە نەدرابوون، بە خێرایی بۆ لای پەروین خان هەڵهاتم و پەروین خان هات بۆ لام، پرسیم دایە گەورە چۆتە کوێ؟ پەروین خان بە چاوی تەڕی پڕ فرمێسکەوە وتی: نامۆ گیان دایە گەورەچۆتە ماڵی مامە رەزا. ماڵی مامە رەزا کارەساتێکیان لێ قەوماوە، دایە گەورەت پێیوتووم کە کچەکەیان گیانی لە دەست داوە! لەو کاتەدا کە پەروین خان ناوی کچەکەیانی برد خورپەیەك بە دڵمدا هات و بە جارێك ئەژنۆم شکا، هیچ گوێم نەدایە مامە رەزا کە پێشتر پێیوتم نامەوێت بێتە ماڵم، کە چوومە ماڵی مامە رەزا و بینیم نیگا گیانی لە دەست داوە، جەستەی ئاوسا بوو! چاوەکانم رۆشناییان تیا نەما، بێهۆش کەوتم.





لەم کاتەدا سەرنجم دایە نامۆ.

نامۆ لەناو قەفەسەکەدا دانیشتەوە بەدڵێکی پڕ لە کوڵەوە دایە هاڕەی گریان، بە جۆرێك دەگریا و دەکڕوزایەوە زۆرێك لە ئامادەبوانی گریان، لەو کاتەدا هەستم کرد بە ئازارەکانی خۆشەویستی، رەزا بۆتە بەربەستێك لە پێناو بە یەکگەیشتنیاندا. دووبارە نامۆ هەستایە سەرپێ و وتی: جەنابی دادوەر هیچ تاوانێك حەشار نادرێت، درەنگ بێت یان زوو ئاشکرا دەبێ، خوا پەردە لەسەر تاوانبار هەڵدەماڵێ.

– دادوەر: چ تاوانێك حەشار درا؟

– نامۆ جەنابی دادوەر پاش تەواوبوونی پرسەکەی نیگا دڵنیابووم نیگا خنکاوە، بەڵام هۆکاری خنکاندنەکەی هەریەك بەجۆرێك دەیگێڕایەوە، منیش گومانم لەلا دروست بوو بڕیارم دا بچمە ئەو جێگایەی کە نیگای تیا خنکا. بەیانییەك خۆم ئامادە کرد رۆشتم بەرەو ئەو جێگەیەی نیگای تیا خنکا بوو، کاتێك گەیشتمە گوندەکە هێدی

هێدی دڵتەنگ دەبووم، هەنگاوەکانم قورستر دەبوو خۆم گەیاندە نزیك رووبارەکە ئەو رووبارەی نیگای تێدا خنکا. لە قەراخ رووبارەکە وەستام لە رووبارەکەم دەڕوانی نەفرەتم لە رووبارەکە دەکرد، بەردم دەگرتە رووبارەکە و دەموت ئەی نەفرەتی لەبەرچی ژیانت تاڵ کردم؟! بۆ خۆشەویستەکەمت خنکان، بۆ ئەوەندە بێویژدان بوویت منت تەنها هێشتەوە؟ ئاخر نیگا چ تاوانێکی بەرانبەر تۆ ئەنجام دابوو؟ پاشان لە ژێر سێبەری پیرەدارێك دانیشتم گوێم لە دەنگی شمشاڵی شوانێك بوو هێدی هێدی لێم نزیك دەبویەوە، کاتێك گەیشتە لای من شوانەکە سڵاوی لێ کردم و هات لە تەنیشتمەوە دانیشت شوانەکە چایەکی لێنا کەوتینە گفتوگۆ. شوانەکە مرۆڤێکی زۆر دەروون پاك و راستگۆ بوو وتم: کاکی شوان ئاگادار بوویت لە دوو هەفتەی پێشودا لەم رووبارەدا کچێك خنکا؟ شوانەکە کەمێك بێدەنگ بوو پاشان وتی: تۆئەو کچەت دەناسی؟ وتم: نا دڵنیابە بەس تەنها بیستوومە، شوانەکە وتی: ئای لەو تاوانە گەورەیە کە هیچ مرۆڤێك پێی قوبوڵ ناکرێ، من





زۆر لە نزیکەوە ئاگادار بووم، ئەو کچە نەخنکا بەڵکو دوو پیاو خنکاندیان! ئیدی بە جارێك ئاگر لە ناخم بەربوو، بە تەواوی داڕووخام، چاوەکانم بوونە کانی فرمێسك هەڵڕشتن، هەوڵمدا ئارام بم تا بزانم چۆنیان خنکاند؟

– رەزا: جەنابی دادوەر نامۆ درۆ دەکات، بزانە چیدەڵێت ئەی هاوار خەڵکینە ئێمە دەستمان دەچێتە خوێنی جگەرگۆشەی خۆمان!

– دادوەر: رەزا لە جێگەی خۆت بێدەنگ بە ئێوە سکاڵاتان کردووە، ماوەش درا بە ئێوەش ئێستا دەمانەوێت گوێمان لە وتەکانی نامۆ بێت، پاشان گوێمان لە پارێزەرەکەشتان بووە. رەزا بە جۆرێك شڵەژا بوو کاتێ نامۆ باسی لە رووداوی خنکاندنەکەی نیگای دەکرد زەرد هەڵگەڕا، کەوتە بۆڵەبۆڵکردن و جوڵەجوڵ، پاشان دادوەر زەنگی بێدەنگی لێدا.

نامۆ وتی: جەنابی دادوەر خودا لە پشت هەموو رووداوەکان ئاگادارە، ئیدی بە شوانەکەم وت کاکی شوان چۆنیان خنکان؟ شوانەکە وتی: لە بن ئەم پیرەدارەی

ئێستادا راکشا بووم، لە خەوێکی قوڵدا بووم لە زریکە و هاوار راپەڕیم، بینیم دوو پیاو یەکێکیان چەکی بە دەستەوە بوو بە لێدان کچێکیان هێنا، کچەکە دەگریا و دەپاڕایەوە دەیوت: بابە بە هەڵە تێگەیشتوون تکاتان لێ دەکەم من مەکوژن، پیاوەکان منیان نەبینی بە زەبر و زەنگ و لێدان کچەکەیان هێنایە دەم کەناری رووبارەکە، کچەکە کە خۆی ئالآندبوو لە قاچی پیاوێکیان بینیم بە گریان و پاڕانەوە پێڵاوەکانی ماچ دەکرد، هاواری دەکرد بابە گیان بمبەخشە من شایەنی ئەوە نیم بمرم تکا دەکەم بمبوورن لە فەرمانتان دەرناچم، ئێوە چیتان پێخۆشە من وا دەکەم. بەڵێ ئەو بێویژدانانە کچەکەیان هێنایە نێو ئاوەکەوە کچەکە بە دەنگی بەرز وتی: بابە ئێستا نامبوورن باوکی نەڕاندی بەسەریدا پێیوت: تۆ ئابڕوی منت بردووە، مانی تۆ زیان لە ژیانی من دەدات. لەو کاتەدا بینیم کچەکە تفێکی لە نێوچەوانی باوکی کرد! ئەوانیش کچەکەیان هەڵدایە نێو قوڵآی ئاوەکەوە کچەکە هاواری دەکرد نامۆ فریام بکەوە چەندجارێك هاواری نامۆی کرد، بەڵآم بێ





سوود بوو، ئیدی نازانم نامۆ کێ بوو! پاش نیو کاژێر دڵنیا بوون کچەکە خنکا. دوو پیاوەکە هاواریان کرد فریامان بکەون کچەکەمان خنکا! ئیدی خەڵکی ئاوایی هاتن بەفریایان کچەکەیان لە نێو رووبارەکە دەرهێنا، گەلێ سەیرانکەران لەوێ بوون بە راستی ئەو رۆژە یەکێك بوو لە رۆژە ناخۆشەکانی ژیانم هیچ کات رووداوی لەم جۆرەم نەدی بوو. دایکی کچەکەش هاواری دەکرد: نیگا خنکا! من بەم شێوەیە ئەو تاوانە گەورەیەم بینی، بەڵآم نەموێرا بە هیچ کەسێك بڵێم، تەنانەت بە پۆلیسیش چونکە فەقیرم و کاری شوانی دەکەم، خەڵکی ئەم گوندەش بە گێل و ساویلکەم دەزانن. هەمیشە لە نێو خۆیاندا گاڵتەم پێ دەکەن! کە ئەم قسانەم بیست لە شوانەکە گەڕامەوە خۆم گەیاندە بنکەی پۆلیس سکالآم لەسەر مامە رەزا تۆمارکرد. پۆلیسی لێکۆڵەرەوە قسەکانی منی نووسی، ناردیان بە شوێن مامە رەزادا، جەنابی دادوەر مردنی خۆشەویستەکەم لا ئاسان نەبوو بە مردنی نیگا کاریگەری لە سەر دەروونم دروست ببوو، بۆیە هەر کاتێك بیرم لەم تاوانە گەورەیە

دەکردەوە هەروەك شێت ڕەفتارم دەکرد بەڕێوەبەری پۆلیسەکان پێیانوتم ئەو کچەی خنکاندویانە دەبێتە چی تۆ منیش ووتم: نیگا خۆشەویستی منە و ئامۆزامە بە جۆرێك دەگریام و هاوارم دەکرد سەرنجی هەموو پۆلیسەکانم بە لای خۆمدا ڕاکێشا بوو، کاتێك پۆلیسەکان مامە ڕەزایان هێنا لە توڕەیدا سور هەڵگەڕا بوو منیش هیندە خەمم خواردبوو لاواز ببووم، هەر لە ناو بنکەی پۆلیسدا پەلاماری دام منیش هیندە لێی بە داخ بووم پۆلیسەکان لە ژێر چنگیان دەرهێنام. مامە ڕەزا خۆی کرد بە ژووری بەڕێوەبەردا پێموا بوو بەڕێوەبەرەکەی دەناسی منیشیان بانکردە بەردەمی بەڕێوەبەر، مامە ڕەزا وتی: قوربان جەنابی بەڕێوەبەر نامۆ شێت بووە چەند جارێك سکاڵای لە سەر تۆمار کردووین، بەڵام خۆشبەختانە لە ئەنجامدا بە شکات وەرنەگیراوە. پاشان بەڕێوەبەری پۆلیسەکان بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان لە سەر شێت بوونی من هەبێ بانگی پۆلیسەکانی کردوو هەر بە پاڵ کردمیانە دەرەوە! ئیدی بەو هەموو پەژارەوە ملی ڕێگام





گرت بەرەو ماڵەوە، بە شەقامەکاندا هەوەکو شێت ڕەفتارم دەکرد، بێ ئومێد بووم. مامە ڕەزا هەر کەسێکی دەبینی ناوی منی بە شێت دەبرد تا ئەو تاوانە گەورەیەی پێ داپۆشێ، ئیدی ناوم بە شێتی زڕاو چەند ڕۆژێك لە ماڵی دایە گەورە نەهاتمە دەرێ.

– دادوەر: بۆچی نەهاتیتە دەرێ؟

– نامۆ: بەڕێز جەنابی دادوەر وەك ئاماژەم پێدا من لە نێو بنەماڵە و هاوڕێکانمدا بە شێت ناوم دەرکردبوو، بۆیە هەر کاتێك ئەوانەی دەیانناسیم دەکەوتنە سەر زەنشت کردنم و گاڵتە پێ کردنم! بریارم دا ماوەیەك خۆم دوور بگرم، لەو ماوەیەشدا کە من ناوم بە شێت دەرکردبوو سازان نەدەهات بۆ لام. سازانیشیان وا تێگەیاند بوو کە من بە ڕاستی شێت بووم، بۆ ئەوەی کەمێك لە خەمەکانم برەوێتەوە ئێوارەیەك چووم بۆ ماڵی پورە ڕەزیە، بەڵام کاتێك سازان دەرگەکەی لێ کردمەوە بینی منم قیژەیەکی کردو چووە ژوورێ و دەرگەکەی لە سەر خۆی داخست!! کاتێك بەم شێوەیە خۆمم بینی لە بن دەرگەی ژورەکەی سازان دا دانیشتم و

سەرم لە ئەژنۆم توند کرد، بە جۆرێك دەگریام و دەمووت: ئەی خودایە من چ تاوانێکم ئەنجام دابوو، تۆ لە تۆڵەی تاوانەکەم دایك و باوکم و نیگات لێ کردم؟ بە هەنسکی پڕ لە گریانەوە بانگی سازانم کرد و وتم: سازان تۆش ناتەوێت بێی بۆ لام، وا دەزانی من بە راستی شێت بووم؟! ئیدی سازان دڵنیا بوو لەوەی لە هۆشدام دەرگەکەی کردەوە و لە پشت سەرمەوە وەستا و وتی: نامۆ تۆ بە راستی شێت نەبووی؟! وتم: نەخێر، بڕوا بکە من شێت نیم بۆ دەبێ هەمووتان بە شێتم بزانن. سازان تۆ باشترین هاورێ بوویت بۆ من و نیگا. پاشان سازان داوای لێ بووردنی لێ کردم و وتی: نامۆ گیان بە راستی خاڵە رەزا بە جۆرێك باسی لە شێت بوونی تۆ دەکرد هەمیشە دەیوت نامۆ هەر کەسێك ببینێت پەلاماری دەدا دوور نییە بشکوژێ!؟ وتم: سازان گیان تۆ راست دەکەیت مامە رەزا لەبەر ئەوەی ئێوە تێبگەیەنێت تاوانی دژ بە نیگا ئەنجام نەداوە، منی کردۆتە شێت، ئیدی رووداوی خنکاندنی نیگام بۆ گێرایەوە سازان لەگەڵ مندا هۆن هۆن فرمێسکی





دەڕشت، پاشان سازانم بە جێهێشت و بەرەو گۆرستان بە رێکەوتم لەسەر گۆرەکەی نیگا بە دەم گێرانەوەی یادەوەریەکانەوە فرمێسکی سوێرم دەرشت، بەڵام هەرچی دەگریام و دەکروزامەوە بێ سود بوو، چونکە دڵنیا بووم جارێکی تر نیگا بۆ من زیندوو نابێتەوە! هێدی هێدی بە شەقەمەکاندا کەوتمە رێ بەرەو ناوەندی شار لە یەکێك لە شەقەمەکاندا پاڵم دابوو بە پیرەدارێکی گەورەوە، جگەرەیەکم داگیرساند و نەفەسی قوڵم لێ دەدا سەرم بە زەویەکەدا شۆرکردبوەوە و هەرچەندم دەکرد ئەو تاوانە گەورەیەم لە بیر نەدەچووە، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی کچێك بوو بانگی کردم کاتێك سەرم هەڵبری هاورێیەکی نیگا بوو نیشتمان، کاتێك بەو جۆرە منی بینی دڵتەنگی خۆی بۆ دەربڕیم، کەمێك فرمێسکی لەگەڵ رشتم و وتی: هەرچەندە نامەوێت برینەکانت بکولێنمەوە، بەڵام بەر لەوەی نیگا گیان لە دەست بدات نامەیەکی دا بە من، منیش نامەکە بگەیەنمە تۆ، بەڵام بە داخەوە تا ئەو کاتەی نیگا گیانی سپارد من تۆم نەدیوە بە خێرایی قسەکانم لە

دەمی نیشتمان وەرگرتەوە و وتم: ئەی ئێستا نامەکەی نیگا لە کوێیە؟ نیشتمان وتی: نامەکە لای منە کاتێك کە چوومەوە ماڵەوە هەوڵ دەدەم بە زووترین کات نامەکە بگەیەنمە دەستت، پاشان نیشتمان بە جێیهێشتم و منیش بەرەو ماڵ بە رێکەوتم. بە درێژایی شەو بیرم لەو نامەیە دەکردەوە، دەبێت دوا پەیامی نیگا چی بێت؟ ئەی خودایە تاکو ئێستا رۆژێك شادمان نەبووم شکور بووم باوکم مرد دایکم بە جێم بهێڵێت، بەڵام نیگات بۆ لێ سەندمەوە؟! بەیانی بۆ وەرگرتنی نامەکە چووم بۆ لای نیشتمان. نیشتمان نامەکەی نیگای پێدام، بە درێژایی ئەو رۆژە بە نێو شەقامەکاندا دەگەرام بریارم دا نامەکە لە ماڵەوە بخوێنمەوە تا لە کاتی نامە خوێندنەوەدا کەس هەست بە فرمێسکی چاوم نەکات، بەر لەوەی خۆرئاوا بێت بەرەو ماڵ کەوتمەرێ، کاتێك پێمنایە گەڕەکی خۆمان بینیم لەبەر ماڵی ئێمەدا خەڵکێکی زۆر کۆبۆتەوە، وورده وورده لە قەرەباڵغێکە نزیك بوومەوە خەڵکی تێکرا سەیری منیان دەکرد. ئەی خودایە دەبێ چی کارەساتێکی تر رووی





دابێ؟! سەلامم لە هەر کەسێك دەکرد بە بەزەییەوە وەڵامیان دەدامەوە، بە نێو قەرەباڵغیەکەدا چوومە ژوورەوە لە نێو حەوشەکەد اسازان بە گریانەوە هات بەرەو رووم هەرچەندە هاوارم دەکرد سازان بۆ دەگریت؟ بەڵام سازان تا دەهات گریانەکەی بە کوڵتر دەبوو، ئیدی پورە رەزێ هات بەرەو رووم و دەستی کردە ملم بە گریانەوە وتی: نامۆ گیان دایە گەورە ژیانی لە دەست دا، ئەی خودایە ئەمە چ کارەساتێك بوو بە سەرم هات! بە گریانەوە چوومە سەر جەستەی دایە گەورە، دایە گەورە خەڵتانی خوێن ببوو بە بینینی دایە گەورە لە هۆش خۆم چووم، کاتێك بە ئاگا هاتمەوە لە نێو کۆمەڵێك پیاودا بووم هەریەك بە جۆرێك دڵنەواییان دەدامەوە پرسیم: دایە گەورە چۆن مردووە؟ کاك عەزیز یەکێك بوو لە دراوسێکانمان کە زۆر جار سەردانی دایە گەورەی دەکرد وتی: نامۆ گیان هیچ لەگەڵ قەدەردا ناکرێ، دایە گەورەت ئۆتومبێل لێی داوە، پاش لێدانی ئۆتومبێلەکە، بردویەتی بۆ نەخۆشخانە لەوێ گیانی لە دەست داوە، چەند رۆژێك پرسەمان بۆ گرتوو مامە رەزا

نەهاتە پرسەکەیەوە! ئیدی دوای تەواو بوونی پرسەکە منیش لە خاوەن ئۆتومبێلەکە خۆش بووم. من بە تەنها لەو ماڵەدا مامەوە دوو خۆشەویستی هەمیشەییم لە دەست دا. ئێوارەیەك پورە رەزیە هاتە لام، کەمێك شێوی ئێوارەی بۆ هێنا بووم، کاتێك چاوم کەوت بە پورە رەزیە نامەکەی نیگام بیرکەوتەوە کە نیشتمان پێی دابووم، نامەکەم هێنا لە بەردەم پورە رەزیەدا هەڵمبچڕی سەرەتا گوڵێکی سوری تێدا بوو.

– دادوەر :چی لە نامەکەی نیگادا نوسرابوو؟

– نامۆ قومێکی لە ئاوەکەدا، نامەکەی لە گیرفانیدا دەرهێنا، دەستەکانی دەلەرزی، سەیرێکی ئامادەبووانی هۆڵەکەی کرد، چاوەکانی بڕییە رەزا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکەی نیگا. نامۆ دووبارە وتی: جەنابی دادوەر ئەم نامەیە بەڵگەیە بۆ لە ناوبردنی نیگا، نیگا لەم نامەیەدا دەڵی: نامۆی ئازیز، چ زوو رۆی ئەو ساتە وەختەی کە مۆمی عەشقی ئێمە داگیرسا، لەمڕۆ بە دواوە هەستەکەم ناتوانین بە یەك بگەین، تۆش خۆشەویستم





نەکەیت فەرامۆشم بکەیت، منیش هەرگیز لە یادت ناکەم ئەگەر چی ماوەیەکی زۆرە تۆم نەدیوە، بەڵام بڕوا بکە نەمتوانیوە یەك چرکەش لە یادت بکەم، هەر لەم پێناوەشدا ئامادەم قوربانی بدەم، بەڵام بە داخەوە رۆژ بە رۆژ کێشەکان ترسناکتر دەبێ، جا نازانم بە زیانی من یان تۆ تەواو دەبێ. هەستەکەم دەستێکی خوێناوی یەکێکمان لە ناو دەبات! نامۆ ئێستا ماڵی ئێمە بۆتە شوێنی گورگە دڕندەکان بە خوێنی ئێمە تینون، هەرگیز رازی نین بە عەشق و خۆشەویستی. چەند رۆژێکە هەستم کردووە کە هەموویان بڕیاریان داوە من لە ناو بەرن و ئێستا هیچ کەس لە خێزانەکەمدا لەگەڵم قسە ناکات! حاشایان لە من کردووە واش بڕیاریان داوە کە رۆژی هەینی بچینە دەرەوە بۆ سەیران، دەشزانم لەم سەیرانەدا رووداوێکی گەورەی لە پشتەوە هەیە دوور نییە هەواڵی مەرگی منت پێ بگات!؟ نامۆ گیان گەر دەتەوێت بژین پێکەوە درەنگە چیتر زوو بکە، وە ئەگەر ناتوانیت ئەو کارە بکەیت هیوادارم ئەو رۆژانەی لەگەڵ تۆدا بووم خەندەیەکم خستبێتە سەر

لێوەکانت ڕەنگە ئەمە دواین نامەی من بێت دەگات دەستی تۆ، تۆش ئارام بگرە لەسەر هەر کارەساتێك کە بەسەرماندا دێت. دەزانم نامۆ گیان ئەم نامەیە نیگەرانت دەکات فرمێسکت پێدەڕێژێت، بەلاّم بڕوا بکە من هیچ دەسەلاّتێکم نییە، ناتوانم بەرەنگاریان ببمەوە چیتر باوکم ڕێگەمان پێ نادات ئێمە لە ئامێزی یەکدا بژین، تکا دەکەم خۆت دوور بگرە لە گورگەکان نەك بەلاّیەك بەسەر تۆشدا بێنن. هیوادارم ڕۆژێك کەسێك شایەتی ئەم خۆشەویستییە ڕاستەقینەیەمان بدات. خۆشەویستت نیگا.

لەو کاتەدا نامۆ فرمێسکەکانی سڕی و بە دەنگی بەرز وتی: جەنابی دادوەر، لە کۆتایی قسەکانمدا دەپرسم، ئایا هیچ بەندێك لە بەندەکانی یاسا هەیە مرۆڤی شێت زیندانی بکات؟ من ئەگەر شێتم بۆ لە زینداندام، خۆ پاش ساڵێك بەر لە ئێستا من لە بنکەیەکی پۆلیسدا بە شێت لە قەڵەم درابووم! جەنابی دادوەر ناپرسی بۆ سکالاّکەم فەرامۆش کرا یان جەنابی دادوەر تۆ چۆن شێت دادگایی دەکەیت؟! من سکالاّم لە بەڕێوەبەری پۆلیس هەیە، داواکارم لە





بەڕێزت کە شوانەکەش بانگ بکەیت ڕاستی و دروستی ڕووداوەکەت بۆ بگێڕێتەوە، ئێوەش کەمتەرخەمن، کەمتەرخەمی ئێوە ئەوەیە دەبێت هەر تاوانبار بێتە لاتان هیچ کات گەشتێکی واتان بە نێو کۆمەڵگەدا نەکردووە تا لە ئازارەکانی کۆمەڵگە بە ئاگا بن! هیچ کات لە ڕاگەیاندنەکانەوە هۆشیاری یاسا و بەندەکانتان بۆ هاولاّتیان ڕوون نەکردتەوە، بەندەکانی یاساتان نەخستۆتەڕوو، لەسەر ئێوەیە یاسا گەلێك بە هاولاّتیان بناسێنن تا هاولاّتیان سڵ لە تاوان کردن بکەنەوە، ئێوە دەبێ زۆر لە نزیکەوە بە ئاگا بن لە کێشەی هاولاّتیان نەهێڵن ڕووداو ڕووبدات. جەنابی دادوەر چ سودێکی هەیە کە من خۆشەویستەکەم لەناوچوو تاوانبارەکان زیندانی بکرێت؟! ئێستا من بە هەڵە یاسا بەندی کردووم، من بەڕێوەبەری پۆلیسخانە بە شێت لە قەڵەمی داوم، بپرسە کوا دۆسیێی سکالاّکەم! داواکارم سزای تاوانباران بدەیت، داواکارم لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکەدا بکەیت، تا ئەو کاتەی نامۆ هێرشی دەکردە سەر.!؟؟

من وامدەزانی کە نامۆ پەردەی لەسەر تاوانبارەکان هەڵدایەوە پاشان دادوەر بڕیاری دا بە بانگکردنی شوانەکە و بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکە بۆ لێکۆڵینەوە. زیندانی کردنی رەزا و کورەکانی، لەو کاتەدا زۆرم حەز دەکرد بزانم یاسا دەربارەی ئەو تاوانە گەورەیە چی بەسەر رەزا و بەڕێوەبەرەکەدا دەسەپێنێ، بەڵام دادوەر بڕیاری دا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ. ئیدی دادگایەکە کۆتایی هات. نامۆیان بردەوە بۆ زیندان پاش چەند رۆژێك بڕیارمدا بچمە زیندان سەردانی نامۆ بکەم، کاتێك چووم بۆ زیندان هەواڵی نامۆم پرسی یەکێك لە هاوڕێکانی نامۆ وتی: نامۆ ئازادکراوە. نامۆ توانی مافی خۆی وەربگرێت.

وتم : ئەی رەزا چی بەسەرهات؟ هاوڕێکەی نامۆ وتی: رەزا و کوڕەکانی لە ژوورەکەی بەرانبەر ئێمەدا بۆ هەتایە زیندانن، بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکەش بە تاوانی بەرتیل خواردن کە بڕێکی زۆر پارەی لە رەزا وەرگرتووە پێنج ساڵ زیندانی کراوە.





هاوڕێکەی نامۆ وتی: شوانەکە لەبەردەم دادوەردا سوێندی لەسەر رووداوەکە خواردووە هەموو وتەکانی نامۆ راست بوون. نامۆ لەسەر مافی خۆی کە یاسا بە تەنگ سکاڵاکەیەوە نەهاتبوو ناچار بوو پەنابباتە بەر کاری توندوتیژی، پاشان کە هاوڕێکەی نامۆم لە زیندان جێهێشت ناونیشانی نامۆم وەرگرت چوومە ماڵی نامۆ ئێستا لەگەڵ نامۆدا هاوڕێیەکی گیانی بە گیانین.

کۆتایی

●●●

**چاپکراوەکانی دیکە:**

**لە ئاسمانی دڵی مندا تۆ خۆرێکی، شیعر سالّی ٢٠٠٦**

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- **بەڕێز هونەرمەندی گەورە مامۆستا عەلی لەتیف.**
- **بەڕێز هونەرمەند مامۆستا عەلی کەمال، خاوەنی گەلەریی هوونەریی بابان.**
- **بەڕێز مامۆستا شوبۆ عەبدوڵلا سوور.**
- **بەڕێز محەممەد دیلان، خاوەنی چاپخانەی دیلان.**

**تێبینی: وێنەی بەرگ، تابلۆی هونەرمەندنی گەورە مامۆستا ( عەلی لەتیف )ە.**